کەی بەنزینخانەکانی مۆبایل لە

هاوڵاتییەک: بوونی ئەو بەنزینخانانە لەنێو ماڵان جێگای مەترسییە

هەروەک ئاگادارین رۆژ لە دوای رۆژ بەنزینخانەی مۆبایل لە گەڕەکە میللییەکان لەزیاد بووندایە، ئەو حاڵەتەش جۆرێک لە بێزاری لای خەڵکی گەڕەکەکان دروستکردووە، جگە لەوی مەترسیشی زۆرە بۆ سەر گیانی هاوڵاتییان، هەر بۆیە بەچاکمانزانی رێپۆرتاژێکی تێروتەسەل لەبارەی نارەزایی هاوڵاتییان و مەترسییەکانی ئەنجام بدەین.

رێپۆرتاژ: هێمن محەمەد- شێروان مەنتک

*** لەگەڵ ئەوەی حکومەتی هەرێم مۆڵەتی یاسایی پێ داون، ئێوە تاچەند ئامادەکاریتان کردووە بۆ هەر رووداوێکی دڵتەزێن؟**

- عەبدوڵڵا محەمەد خاوەنی یەک لە بەنزینخانەکانە گوتی: بەڕاستی ئێمە دوو، سێ (ئاگر کوژێنەوەمان داناوە، هەروەها ئێمە نزیکین لەبنکەی پۆلیسی ئیسکان لەگەڵ هەندێک پێداویستی (فریاکەوتنی سەرەتایی) بەم شێوەیە خۆمان ئامادەکردووە بۆ هەر کارەساتێکی لەناکاو، ئەو کەسانەی کە لێرە کاردەکەن بەهیچ شێوەیەک جگەرە ناکێشن و وەکو پاسەوانێکیش رێگا نادەن لەناو بەنزینخانەکە و لە کاتی هێنانی بەنزین بۆ عەنبارەکان بەنزین بۆ ئۆتۆمبێلەکان نافرۆشێن، هەتاکو بەتەواوی عەنبارەکان پڕ دەبێت و تانکەرەکان دەڕۆن و رێگا نادەین بۆنیتی ئۆتۆمبێڵ هەڵبدرێتەوە لەناو بەنزینخانە سوپاس بۆ خواش هەتاکو ئێستا تووشی هیچ رووداوێک نەبووینە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لێرە کاردەکەن زۆر زۆر بە وردی و لەسەرخۆ لەگەڵ کارەکەیان مامەڵە دەکەن.

*** هاوڵاتیان باس لەوە دەکەن بوونی بەنزینخانە لەنێو کۆڵان و نزیک نەخۆشخانەو**

ناو گەڕەکەکان دوور دەخرێنەوە؟

بەرگری شارستانی: تا ئێستا دوو لەو بەنزینخانانە سووتاون

مزگەوت جێگای مەترسییە؟

– راستە هاوولاتییان ئەو گلییە دەکەن، بەلام ئەمڕۆ هاوولاتیەک پارچە زەویەکی هەیە لە تەنیشتە خۆی یان خانوویەک یان دووخانووی هەیە، لەجیاتی ئەوەی بەکرێی بدات دەیکات بە بەنزیخانەیەکی مۆبایل بۆخۆی لەسەری دادەنیشێ، بەنزیخانەکانی مۆبایل ئەمڕۆ زۆربەی زۆری لەناو مالانە، ئەوکاتی کە رەزامەندی وەرگیراوە بۆ دانانی بەنزیخانەی مۆبایل ئەو نەخۆشخانەو مزگەوتانە هەر لەوێ بووە بۆ نموونە بەنزینخانەی زیرەک کە مۆڵەتی پێ درا لەسەر رێگای (کەسنەزان) بوو چوار دەورەی هەموو چۆڵ بوو، ئێستاکە ئاوەدانی زۆر لەسەر ئەو رێگایە، هەروەها زۆر لەوی دورتریش ئاوەدان کرایتەوە، هەروەها ئێستاکە خانوو مالە شەهیدەکان کەوتۆتە پشت بەنزیخانەکەو باڵەخانەیەکیش لەتەنیشت بەنزیخانەکەیە، خەڵک لەزۆر بوونە نەک کەم بوون...

چەندین هاوولاتی سەبارەت بەو دیاردەیە رەخنەو گازاندەیان هەبوو، یەکێک لەوانە هاوولاتی (سەرمەند حەسەن) کە ئاماژەی بەوەدا بوونی ئەو بەنزینخانە لەگەڵ ئەوەی جوانییەکی بەخشیووەتە نێوشار، بەلام مەترسییەکی زۆریشی هەیە بۆ سەر دانیشتوانی نزیکی..

ئەگەر هاتوو رووداوی ئاگرکەوتنە لەبەنزیخانانە رووبدا، پێموایە هەروا بە ئاسانی ئەو ئاگرە کۆنترۆڵ ناکرێت و ئاگرەکە مالەکانی دەوروبەریشی دەگرێتەوە، بۆیە داوای چارەسەر لە پارێزگاو قایمقام دەکەین بە چ هەقێک مۆڵەتی یاسایی دەدەنە ئەو بەنزینخانانە کە لەگەڵ دیواری مالانە تەنها یەک بلۆکی (٢٠)سم جیا دەکاتەوە باشە هەرکاتێ ئەو بەنزینخانەیە گری گرت چارەنووسی خاوخێزان و منداڵەکانم چی دەبێت، ئەمانە قسەی هاوولاتی حاجی حەمەدەمین بوو کە هیچ باوەڕی بە رۆژنامەگەری نییە و دەیگوت ئێوە تەنها شتەکان زەق دەکەنەوە..

هاوولاتی رێبوار ئەحمەد هەمان رای هەبوو داوای دەکرد کەلایەنی پەیوەندیدار سنوورێک

بۆ ئەم دیاردەیە دابنێت و چی دیکە مۆڵەت بەو بەنزینخانانە نەدەن **بەڕێوەبەری کارگێڕی گشتی دیوانی پارێزگای هەولێر سیروان فارس دزەیی پێوایە** پارێزگاری هەولێر هەرچی لەتوانایدابێت لەپێناو بەرژەوەندی گشتی دەیگرێتەبەر بۆ نموونە جاران بەسەدان جەلیکانی بەنزین لەسەر شەقامەکان دانرابوو وێرای ناشارستانی، بوونی مەترسی بۆ هاوولاتیان هەبوو، ئێمە بە چاکمانزانی مۆڵەت بەبەنزیخانەکانی (مۆبایل) بدەین تا ئێستا (٦٥ تا ٧٠) مۆڵەتمان لەشاری هەولێر داوەو گوتیشی تەنها ٧ی مانگ (٥) مامەڵەی دیکەمان بۆ هاتووە پێدانی مۆڵەتیش بەبەنزینخانەکانی مۆبایل کاتییە.

سەبارەت بەناڕەزای هاوولاتیانی شاری هەولێر لەبەرامبەر بوونی بەنزینخانەکان لەبەردەم ماڵەکان و تەنیشت قوتابخانەو مزگەوت و شوێنە گشتییەکان، ناوبراو گوتی: هەر هاوولاتییەک سکاڵای هەبێ و ناڕازی بێت لەدانانی بەنزینخانە لەتەنیش ماڵیان ئێمە داواکارییەکە بەگرنگ وەردەگرین مۆڵەتەکە هەڵدەوەشێنینەوە ئەم حاڵەتە لای ئێمە هەبووە.. **سیروان فارس باسی لەچۆنیەتی مۆڵەتدان داو گوتی:** ئێمە بە تەنها مۆڵەت نادەین بەهاوبەشی لەگەڵ بەرگری شارستانی و شارەوانییەکان دەبێت ئەگەر ئەوان رەزامەندیان نەبێ، ئێمە زەرامەندی نادەین مۆڵەتەکانی مۆبایل کاتین و هەرکاتێ پێویست بکات مۆڵەتەکەیان لێوەردەگرینەوە.

بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی هەولێر (عەمید خەلیل خدر سورچی) پێیوایە بوونی بەنزینخانە لەتەنیشت ماڵان و نزیک قوتابخانەو مزگەوتەکان جێگای مەترسین بۆیە هاوولاتیان و دەڵێت: ئەگەر بەنزینخانەکان پابەندی رێنمایەکانی بەرگری شارستانی نەبن، ئەگەری بوونی مەترسی ئاگر کەوتنەوە زیاتر دەبێت و تا ئێستا لەشاری هەولێر (٢) لەبەنزینخانەکان ئاگریان گرتووە.

عەمید خەلیل خدر تێبینی لە چۆنیەتی مۆڵەتدان هەبوو بە بەنزینخانەکان و گوتی: بۆ ماوەی (٢) مانگ دەبێت رای بەرگری شارستانی وەردەگیرێت، بەڵام دوومانگ بەر لە ئێستا هیچ لایەنێک پرس و رای بە ئێمە نەکرد!

بە بۆچوونی بەڕێوەبەری کاروباری هونەری لەبەڕێوبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر رائد رەسول سادق (١٨)مەرج بەناوی (مەرجەکانی سەلامەتی و خۆپاراستن لە بنبڕکردنی ئاگر لە وێستگەکانی فرۆشتن و دابەشکردنی سووتەمەنی) هەیە، بەڵام زۆربەی بەنزینخانەکان پێوەی بابەندنابن و جاران بەنزین لەسەر شەقامەکان دەفرۆشرا، وێرای ئەوەی دیاردەیەکی ناشارستانی بوو، مەترسی زۆریشی هەبوو، نەمانی بەنزین لەسەر شەقامەکان کارێکی باشبوو، بەڵام بوونی بەنزینخانە لەتەنیشت ماڵان مەترسی گەورەیەو ئەگەر مۆڵەتی زیاتر بدرێت بە بەنزینخانەکان، ئەوە ژمارەی بەنزینخانەکان زیاتر دەبێت لە ژمارەی باخچەکان **رائد رەسول سادق هۆشیاری ئەوەش دەدات کە دەڵێ:** دەبێ سنوورێک بۆ ئەم دیاردەیە دابنرێ بۆ دورخستنەوەی گیانی هاوولاتیان لەمەترسی ئاگر کەوتنەوە لەبەنزینخانەکان.

سیروان فارس

مازن ئەحمەد

خەلیل سورچی

رەسول سادق

ئەندازیار (مازن ئەحمەد) بەڕێوەبەری شارەوانی (پێنج) لە شاری هەولێر، سەبارەت بە چۆنیەتی مۆڵەتدان بە بەنزینخانەکان دەڵێت: ئێمە بەپێی رێنماییەکان کاردەکەین و نووسراومان لە پارێزگای هەولێرەوە بۆ دێت و رای بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی و بەشی ئەندازەی هاتووچۆ وەردەگیرێت، ئایە مەترسی بۆ سوتان و قەرەباڵغی هاتووچۆ دروست دەکات ئەوان رای خۆیان دەدەن، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئایا پارچە زەوییە کە بۆ بەنزینخانەکان تەرخانکراوە، مولکی شارەوانییە یان مولکی خۆیەتی؟

بەدواداچوونی بۆ بکەین و دواتر رای ئەو ماڵانە وەردەگرین کە ماڵیان لە بەنزینخانەکانەوە نزیکە، ئەگەر لاریان نەبوو ئەوا ئێمە ناویان و واژوویان وەردەگرین، بەڵام ئەگەر رازی نەبوون، ئەوکات ئێمە لەلایەن خۆمانەوە مۆڵەتەکە رادەگرین.

بەبۆچوونی ئەندازیار (مازن ئەحمەد) دیاردەیەک لەهەولێر پەیدابووە کە لاساییکردنەوەیە، کەسێک کارێک بکات، کەسانی دیکە لاسایی دەکەنەوە.. لەوکاتەوەی مۆڵەت بەبەنزینخانەکان دەدرێت، چەندین کەس داواکاری مۆڵەتدانی بەرزکردۆتەوە هەروەها گوتیشی هەندێ لەو مۆڵەتانەی کە دراون ئێمە تێبینمان لەسەری هەیە، بەتایبەت لەوشوێنانەی کە قەرەباڵغی زۆری هاوولاتیان و هاتووچۆی بەسەرەوەیە کە ئەویش زیاتر پەیوەندی بەبەرگری شارستانی و بەشی ئەندازەی هاتووچۆوە هەیە

ئەندازیار (مازن ئەحمەد) باسی لەوەشکرد جاران لەسەدان شوێنی ناشیاو بەتایبەت لەسەر شەقامەکان بە دەبە بەنزین دەفرۆشراو زۆر ناشارستانی بوو، دواتر بەهاوکاری هەمووولایەک توانرا ئەو بەنزین فرۆشانە دووربخرێنەوەو ئەم مۆدیلە تازەیە دابهێنرێ.

وینە: فازڵ فەرامۆش

پرۆتۆکۆڵێک لەنێوان هەردوو شارەوانییەکانی (گرڵ مۆتۆ) و (کفری) واژۆ کرا

ئا: تانیا-کفری-تایبەت بە هەرێمی کوردستان:

لەکۆتایی مانگی تشرینی دووەمی رابردوو، لە ئیتاڵیا کۆنفرانسی ئاشتی جیهانی بەڕێوەچوو کەشاندێکی هەرێمی کوردستانیش بەشدارییان تێدا کرد بوو.

جێی ئاماژە بۆکردنیشە ئەندامانی شاندی هەرێمی کوردستان پێکهاتبوون لە بەڕێزان (نەوزاد رەشید دەروێش) سەرۆکی شارەوانی کفری و سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید کە ئەندامن لە رێکخراوی ئاشتی جیهانی بەشدارییان لەکۆنفرانسەکە کرد و بەشێوەیەکی چڕوپڕ باسیان لە رەوشی هەرێمی کوردستان و ئەو نەهامەتییانە کرد کە بەسەر میللەتی کورد دا هاتووە وەک ئەنفال و کیمیابارانەکەی هەڵەبجەی شەهید لەلایەن رژێمی پێشوو، ئەوەی کە زۆر جێگای بایەخ و گرنگیش بوو، شاندی هەرێمی کوردستان توانیان پرۆتۆکۆلێک لەنێوان هەردوو سەرۆکایەتی شارەوانی (گرڵ موتۆ) و (کفری) واژۆ بکەن کە بۆ ئایندە هاوکاری و هەماهەنگیان هەبێت لەبوارەکانی شارەوانی و کشتوکاڵ و زۆر لایەنی دیکەدا.



دیمەنێکی شوێنەواری لە شارۆچکەی کفری

Traffic

رۆشنبیری هاتووچۆ لە پڕۆگرامی خۆیدا

یوسف محمەد بازیانی *

رووداوەکانی هاتووچۆ رۆژ بە رۆژ روو لەزیادبوونە ئەم زیادبوونەشی دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی ئۆتۆمبێل لەهەرێمی کوردستاندا بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی، نەبوونی شارەزایەکی باش لەبواری هاتووچۆ لەلایەن هەندێ برا و خوشکی شوفێردا، بۆیە پێویستە کۆمەڵگا بەگشتی هەوڵی چارەسەرکردنی رووداوەکانی هاتووچۆ بدەن، چونکە بەگشتی هەموو لایەک بەرپرسیارین لەبواری هاتووچۆ، بەتایبەتی دەبێت رۆشنبیریەکی ئەوتۆ بدەین بەهاوولاتییان بەگشتی بەمەبەستی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل و رێگاوبان، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە رۆشنبیری هاتوچۆ بکرێتە بابەتێک لەبابەتەکانی پەروەردە و فێرکردن هەر لەباخچەی ساوایان تاوەکو زانکۆ دەبێت وانەیەک هەبێت بەناوی (خوێندنەوەی هاتووچۆ)بۆ ئەوە ئەو نەوەیە هەر لەسەرەتاوە شارەزاییەکی باشی لە رۆشنبیری هاتووچۆ هەبێت، چونکە بەمجۆرە رێژەیەکی بەرز دەگرێتەوە لەناو تاکەکاندا لەکۆمەڵگای کوردیدا، چونکە یاسایەک هەیە دەڵێت کە فێربوون ئامانجی سەرەکی باشکردنی خوورەوشتە و وشیاری بەردەوام زانیاری گەشەپێ دەدات لەبەرئەوە وەرگرتنی فێربوون و هۆشیاری سەبارەت بەسەلامەتی هاتووچۆ وا لەتاکەکان دەکات زیاتر هۆشیارتربێت، ئامۆژگارییەکانی هاتووچۆ لەخودیا وەربگرێت و جێبەجێ بکات، هەموو ئامارەکان دەری دەخات کەسەرپێچی کردنی شوفێر کە دەبێتە هۆی رووداوەکانی هاتووچۆ لە نەزانینی رێنماییەکانی هاتووچۆ و ئادابەکانییەتی.

دەبێت سەرەتایی زانیاری هاتووچۆ هەر لەمندالییەوە بێت، ناهۆشیاری هەر لە منالیەوە سەر هەڵدەدات، کاتێک قوتابی کە دەچێت بۆ قوتابخانەکەی بەپێ دەڕوات یان سواری پاس دەبێت هیچ زانیارییەکی نییە سەبارەت بەوهۆیەی کەپێی دەگوێزرێتەوە چۆن بەشێوەیەکی راست مامەڵەی لەگەڵ بکات.

* عەقیدی خانەنشین

دەزگایەکی خێرخوازی
کۆمەکی فراوان پێشکەش بە لێقەوماوان دەکات

فۆتۆ: سەید فەخرەدین

موسا ئەحمەد:

تیمەکانی ئێمە، بەدوای ئەو جێگایانە دەگەڕێن کە خەڵکی هەژارو ئاوارەی لێیە

دەزگای خێرخوازی بارزانی لە ساڵی (٢٠٠٧) دامەزراوەو پەیام و میتۆدی کارکردنی لەسەر ئەو فەرموودەیەی باوکی رۆحی کورد (بارزانیی نەمر) بیناکراوە کە فەرموویەتی (شانازییە بۆ مرۆڤ کەخزمەتکاری میللەتی خۆی بێت) بۆیە هەموو ئیشوکارەکانی ئەو دەزگایە لەژێر رۆشنایی ئەو گوتە بەنرخ و مێژووییەدا چڕبۆتەوە.

ئەوە دەزگایە وەک رێزدار (موسا ئەحمەد) جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی باسی لێوە دەکات و دەڵێ: ئێمە بۆ ئەوە دامەزراوین کە دەستی هاوکاری و هەماهەنگی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان درێژ بکەین لە هەر کوێیەک هەبن، ئەویش بەپێی ئەو توانایەی کە دەزگا لەبەردەستی ئێمەی داناوە بەبێ جیاوازی بیروبۆچوون.

راپۆرت: محەمەد سەعید کوردە

پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی دەزگای خێرخوازی بارزانی

جێگری سەرۆکی ئەو دەزگایە دەڵێ: جیاوازی ئێمە لەگەڵ دەزگاکانی دیکەی خێرخوازی ئەوەیە کە تیمەکانی ئێمە بەدوای ئەو جێگاو شوێنانە دەگەڕێن کە خەڵکی هەژارو ئاوارەی لێیە، یان تووشی کارەساتی سرووشتی هاتوون، جا لەرێگای ئەو تیمانەوە دەست نیشان دەکرێن، پاشان دیراسەی رەوشی خەڵکەکە دەکەن، ئێمەش بەپێی جۆری کارەساتەکە هاوکارییەکە دادەنێین.

چالاکی لە بۆنە نیشتمانییەکان

ئێمە هەوڵماندواوە لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان چالاکیمان هەبێت، بۆنموونە ئێمە هاوکاری و هەماهەنگی کەمپەکانی باریکەو کاوەو دێگەڵەو جەژنیکان و ئازادیمان لەجەژنی قوربان کردووە، هەروەها لە رووداني ئەو کارەساتەی کە بەسەر برا مەسیحییەکان هاتن لەناوچە جیاجیاکانی شاری موسڵ ئێمە گەورەترین هاوکاریمان پێشکەشکردن کە بریتی بوو لە (١٢٠) ملیۆن دینار بۆ ئەوەی کەلوپەل و پێداویستییەکانیان پێ بکڕن.

ئێمە جگە لەوانە لە کارەساتەکانی دیکەی خۆکوژی و کارەساتی سروشتی وەک باران بارین دەستی هاوکاریمان درێژکردووە، بەتایبەتی بۆ شوێنەکانی وەک زاخۆو کۆیە و بارزان و ئەو شوێنانەی کە رێکخراوەکانی دیکە کەمتر رۆویان تێکردبوو.

لەبواری تەندروستی

لەبواری تەندروستیش توانیومانە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ رێکخراوە تەندروستییە مرۆڤ دۆستەکان پەیدا بکەین، وەک رێکخراوی (کەی فۆریوی) دانیمارکی و رێکخراوی (سۆلۆداریەتی) یۆنانی کەسەر بە کەنیسەی ئۆرفۆدۆتسە و رێکخراوی تەندروستییەکی باش بۆ عێراقییەکان ئەویش رێکخراوێکی ئەمریکییە لەگەڵ کۆمەڵێک رێکخراوی دیکە کە خزمەتی تەندروستی پێشکەش دەکەن هەر لە رێگای ئەمانەشەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆری داوو دەرمان گەیشتوونەتە لای ئێمەوە، ئەگەر بە هەڵەدانەچووبم تا ئێستا نزیکەی (٢٠) کۆنتێنەری گەورەی دەرمان دەبێت کە ئێمە هەندێکیمان راستەوخۆ داوەتە نەخۆشخانەکان و بنکە تەندروستییەکانی شارو دەوروبەر، یان لە رێگای بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستییەوە پێشکەش بەنەخۆشخانەکان کراون.

سەبارەت بە نەخۆشەکەمدەرامەتەکانیش، ئێمە لە رێگای کۆمپانیایەکی تورکیەوە هەوڵمانداوە چارەسەری (٤٢) منداڵ بکەین، ئەوانەی گوێچکەیان تەواو نییە، هەر بۆیە توانیوومانە سەماعەی دیجیتاڵیان بۆ دابین بکەین، ناوە بەناوەش هەوڵی ئەوەمانداوە کە تیمی پزیشکی بهێنینە کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشانەی کەلەکوردستان چارەسەرکردنی زەحمەتە.

لەبواری پەروەردەو فێرکردن

سەبارەت بەکاروچالاکییەکانیان لەبواری پەروەردەو فێرکردنیشەوە (موسا ئەحمەد)

گوتی: ئێمە لەو بوارەشدا هەوڵی زۆرمان خستۆتەگەڕ، ماوەی دووساڵە لەجیاتی هەردوو رێکخراوی یۆنیسیف و یۆنسکۆ، لەسەرانسەری کوردستان هاوکاری زیاتر لە (٢٠) هەزار قوتابیمان کردووە بە دابینکردنی کەلووپەلی خوێندن، هەروەها لەشاری کەرکووکیش هاوکارییەکی باشی باخچەی ساوایانمان کردووە، لە رووی هۆشیاری کۆمەڵایەتییەوەش رۆڵی دیارو بەرچامان هەبووە.

سەنتەری گەنجان

لەلایەکی دیکەوەش ئێمە چەند سەنتەرێکمان بۆ گەنجان کردۆتەوە کەخەڵکی رابهێنین لەسەر مەشقی پیشەیی ئەو کارەش کێشەی بێکاریش کەم دەکاتەوە، سەرباری ئەمانەش ئێمە خول بۆ کۆمپیوتەرو دروومان دەکەینەوە، هەروەها خەڵکی گوندنیشینەکان لەسەر ئەوە رادەهێنین کە چۆن میوە وشک بکەنەوە و بۆ وەرزەکانی دیکە هەڵیبگرن

هاوکاری (٥٥) هەزار خێزانی ئاوارە

دواجار رێزدار (موسا ئەحمەد) گوتی: ئێمە ئێستا لەگەڵ رێکخراوی WFPی سەر بە un ماوەی دووساڵە بەشێوەی مانگانە هاوکاری (٥٥) هەزار خێزانی ئاوارەی شاری دهۆک دەکەین، بەتایبەتی ئەو خێزانە کوردانەی کە لەشاری موسڵ دادەنیشن.

دوور و نزیک

باوانەکەم، لەمە زێتر دڵم مەشکێنە!!

نووسینی: عەبدولوەهاب عەلی

(١)

باوانەکەم، گەر بێت و تۆش خۆتمان لێ نەکەیتە کەڕەی شەربەت و یاخنیش، من و تۆ پێش چل ساڵ لەمەو بەر یەکترمان ناسی، لەیەکەم ژووواندا من دەستی تۆم ماچ کردو، تۆش نێو چاوانی من!!

ئەو رۆژگارو سەردەم و زەمەنە، وەک ئێستا خۆشەویستی دەستبڕین و بێ ئەمەکی تێدا نەبوو!! خیانەت خەسڵەتی مرۆڤەکان نەبوو!! هەر دووکمان لەگەڵ یەکتر، هەموومان لەگەڵ یەکتر، بۆ یەکتر دەسووتاین کەچی نە تۆ و نەمن نەبۆن و چڕەو دووکەڵ و گڕو پریشکی ئاگرێکمان بۆن نەدەکرد و نەدەمانبینی!! سووتان لە دایکبوون بوو! سووتان بۆ یەکتر!! زەماوەندی راستگۆیی دەگێڕا، سووتان بۆ یەکتر ژیانی بۆ دروستدەکردین و مردنی راوو دەنا، بەڵام تۆ ئێستا ناسووتێی، کەچی من ئاگر لە جەستەم بەربووە و هەر دەسووتێم و تۆش لە رێگای قەترە و دڵۆپە ئاوێک و پارچە لبادێکم ناگریت! بگرە لە دوورەوە سەیرم دەکەیت. باوانەکەم، وا من دەبمە جزڵکی سووتاو هێدی هێدی دەبمە قەقەنەس و کۆی زووخاڵ و مەحف دەبمەوە و تۆش ئاخ وحەسرەت و حەیفێ بۆ من هەڵناکێشی، مخابن تۆ بە هەناسەی بێ مروەتیت فوو لە جەستەی ئاگر تێ بەربووم دەکەیت و کڵو کڵوی خەڵووزی لاشەی ئەپرون بە ئەپرون کراوم دەگەشێنیتەوە.!!

باوانەکەم! راستە من دەسووتێم و تۆش ئاگری بەختم جۆش دەدەیت، وا دەزانی دوژمنێکی باوک کووشتەت کەوتۆتە بەردەست وای بێ رەحم و بێ بەزەییانە، چاوەکانم کە دۆینی تۆم پێ دەبینی، دڵم کە تۆم پێ هەڵبژارد، کاسەی سەرم کە عەشق پەرستی تۆم تێخزاند لە شیش دەدەیت و دەرخواردی گورگەکانی زەمەنی پارە و گەڵ و دەڵی دەکەیت!! باوانەکەم! ئای کە بەدبەختم، کە من وام لێهات و کە تۆش ئاوا دەرچوویت، دوێنیی نزیک هەر زۆر نزیک، تۆ بێ من هەڵت نەدەکردو بێ من نەدەژیای و بێ من نەدەنووستی، کەچی تۆ ئێستا دەست لەملانێی یەکێکی تری یان چەندانی تری!! من نازانم بۆ واتکرد!! بۆ بەقسەی خەڵکی ترم لەگەڵ دەکەیت، بۆ نایەیتەوە هۆشی خۆت و لەم خەوە زڕاوە قوتار بیت، چونکە تۆ ئێستا لە خەوی سەرەمەرگدای، چونکە سوتانی منیش بەو جۆرە نۆقڵانە مردنی تۆ دەدات!! چونکە من و تۆ ٤٠ ساڵە دۆست و دەزگیرانین!! ٤٠ ساڵە تۆ هەموو ژیانی منت وەک مەملەکەتێک داگیرکردووە، کەچی ئێستا ئەم مەملەکەتەی من بۆ تۆ وێرانەماڵەو خۆشم خاکە سارو تۆش غەوارە و نامۆ بە من!! ئایە دەزانی لێک دابڕان چەند ئێش و ئازاری دەوێت؟ چەند قوربانی و شەونخوونی و بێ خەوی و خەرمانی خەمی دەوێت؟!! تۆ منت لە بیر خۆت بردۆتەوە؟!! کەچی تۆ لەبیر من ناچیتەوە، تۆ لە چاوما، لە مێشکما، لە دڵمدا وەک پیرەدار دەوەنێکی چیاکانی کوردستان رووواویتو و نە گەرما و نە سەرما و نە گڕەی هاوین نە وەیشوومە و زریان ونە باو باران و لافاو لەم وڵاتەو نە ئاسمانە تووڕەکەی و نە خاکە گەرم و هەڵقرچاوەکەی دەتۆانی تۆ هەڵکێشی لە ریشەوە.

باوانەکەم! دڵنیابە سووتانی من سووتانی تۆشە، کە واتە بێ بنیشەو وەک جاری جاران وەرە لام و دەست لە ملانم بکەو دانیشەو ئاشتم کەرەوە، چونکە هەر دۆینی لە هەڕەتی لاوی و هەرزەکاریدا خۆشمویستی و پەیمانم لەگەڵ بەستی، خاترجەمبە هەر منیشم تا ئێستاش تۆم خۆش دەوێیت و هەر منیش دەبم کە سبەینێ پرچی سپی و تیسکی کڵۆ بەفرینیت لە چاوما هەڵدەگرم و هەتا کوێر دەبم و سووێم دەبێتەوە هەر بۆت دەگریم و هەر بۆت دەگریم.

(٢)

باوانەکەم، لەمە زێتر دڵم مەشکێنەو وەرەوەو لە ئامێزی خۆتم بگرەوە، بەڵام تکایە ئەمجارە تەرەم مەکەو ماڵیم بکە، لە خۆتم مەڕەنجێنە و خاترم بگرە، چاوت هێندە لەسەرم بێت کە چاوەزارێکم بۆ بکەیتە کوژەکەو هەڵیواسی بە نێو چاوانمدا، بگەڕێوە بۆ ژێر دەوارە زەردو سوورەکەی ماڵە باوانمان، چونکە تەنیا ئەوێ شک دەبم، چونکە ئەو رەشماڵە بۆتە هەموو تەمەنم، بۆتە تەمەنی تۆش.

خاتوونەکەم، راستگۆ بە لەگەڵمدا با لەمە زێتر بەدەم گریان و هەنسکەوە لێت نەپارێمەوە.!! چونکە رەنگە ئەمجارە هێندە تێکەڵ بینەوە تا ئاستی توانەوە لە ناو یەکتردا!! تۆ دوێنی و تا ئەمڕۆکە باکوورو باشوورو رۆژهەڵات و رۆژئاوای مەملەکەتی پڕ عەشق پەرەوری من بووی، لێم گەڕێ با بیر لە کۆدەتایەکی دڵداری نەکەمەوە، با ئەو خەوە ئەرخەوانییانەی بەشەوی بووک و زاواییەوە دەمبینی لێم نە بڕسکێن، با تا دوا ترپەی دڵ و تا دوا هەناسەم هەر لەو خەڵوەتەدابم و دێوانەئاسا بۆ ژیانی زاهیدی ئەم عەشقە بکڕوزێمەوە، باوانەکەم، بەشێتم مەزانە ئەگەر لەسەر شەقام و بەناو کوچە و کۆلانەکاندا بخولێمەوە، ئەگەر لە دەرگای هەر ماڵێکی خواپێداومدا و داوای قومێ ئاو ولەتە نانێکم کرد، ئەگەر تۆیشە بەریەک خەمی تۆم دا بە کۆڵمداو رووم لە چیاو چۆڵ کردو کەشکۆڵ و عەسایەکم هەڵگرتوو لەبەر خۆمەوە بە کۆتەڵەکان تەقسی پرسەی دڵی خۆم بلاوێنمەوە، جا تۆو بێ خودا باوانەکەم، لەمە زێتر دڵم مەشکێنەو بگەڕێوە، ئەگەر بۆ چرکەساتێکیش بووە، وەرە یا با پێکەوە لە پرسەی ئەم عەشقەدا شین و شەپۆڕ بکەین، یا شایی لۆغانی پێک گەیشتنەوە بگێڕین، وەرەوە بۆ لام بایەکتر لە ئامێز بگرینەوە، دەزانی بۆچی باوانەکەم؟ چونکە مردنمان پێکەوە زیندوبوونەوەیە، ژیانیشمان بێ یەکتر مردار بوونەوەیە.

کەواتە تۆی ماڵە باوانم و منم ماڵە باوانت، باوانەکەم کامیان باشە؟ ماڵێکی گەرم و گوڕ یان ماڵێکی وێران و ساردو سڕ، چاوێکی پڕ هیوا و روناکی یان چاوێکی کوێر و پڕ تاریکی، ئیتر لە دوا هاوار و قیژەمدا پێت دەڵێم پەل و دەستی لەرزۆکم بگرەو لەم کەوتنەدا وەرە ژێر هەنگڵم و بەرزم کەرەوە و بمخەرەوە سەر پێ، ئەی باوانی باوانم..... باوانەکەم!!!

قایمقامی هەڵەبجەی شەهید بۆ (کوردستان):

مۆنۆمێنتی هەڵەبجە فراوانتر دەکەین

ئاوات مەحمود سەعید-

نێردراومان بۆ هەڵەبجەی شەهید:

کاتێک چاوت بە مۆنۆمێنتی هەڵەبجەی شەهید و تابلۆ جەرگ بڕەکانی کارەساتی (١٩٨٨/٣/١٦) ی کیمیابارانی هەڵەبجەدا دەگێڕیت مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ، لەناو مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بەکۆمەڵێک تابلۆ و وێنەی راستەقینەی رووداوەکە بەسەرهاتی تراژیدیای (٣/١٦) ت بۆ دەگێڕنەوە، بەڵام ئەم شوێنە پێویست بەگرنگیدانی زیاترە، **بۆ ئەم مەبەستە بەڕێز (شاهۆ عوسمان) قائیمقامی هەڵەبجەی شەهید گوتی:** بەنیازین ئەم مۆنۆمێنتە فراوان بکەین و چەندین کاری هونەری گرنگی دیکەی تێدا جێبەجێ بکەین، ئێستا ناوی نزیکەی (٢٦٢٥) کەس لە شەهیدانی هەڵەبجە لەسەر دیواری مۆنۆمێنتەکە هەڵواسراوە، بانگەوازمان کردووە چ شەهیدێکی دیکە ماوە بێن ناوی شەهیدەکانیان بنووسن و جێگای بەتاڵمان بۆ هێشتوونەتەوە، وەبەرنامەمان هەیە کە هەندێک ئامێر و ئۆتۆمبێل کە ئەوسا بەڕاستی لەرووداوەکەدا بوونیان هەبووە پەیدایان بکەینەوە و ببنە یادگاری هەڵەبجە و پیشانی خەڵکی بدەین، بۆیە هیوادارین کە ئەم دواکارەسات بێت بەسەر گەل وڵاتەکەماندا بێت و هەموو ئەو برینانەی کە لەجەستەی هەڵەبجە و سمود و شۆڕش و سێوسێنان و عەسکەرو چەمچەماڵ و گەرمیان و دۆڵی جافایەتی هەیە بەکار و پڕۆژەی زیاتری حکومەتی هەرێمی کوردستان سارێژ بێت و سەربەرزی و سەرفرازی بۆ رۆحی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و هەموو کوردستان.

نڤیسەر و رەوشەنبیرێن پارێزگەها دهوکێ، چ ژ پەرلەمان و کابینەیا شەشێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ دڤێت؟

ل (٢٠٠٩/٧/٢٥) هەلبژارتنێن ئەندامێن پەرلەمانێ کوردستانێ و دەستنیشانکرنا سەروکێ کوردستانێ هاتە کرن، دئەنجامدا سەروک بارزانی وەک سەروکێ هەرێما کوردستانێ ب پترییا دەنگان هاتە هەلبژارتن (نێزیکی ٧٠٪دەنگا)، هەروەسا لیستا کوردستانی یا ژمارە (٥٤) شیا پترییا کورسیێن پەرلەمانی بدەستڤە بهێنن (٥٩کورسی) ئەندامێن نوی ل (٢٠٠٩/٨/٢٠) سویندا یاسایی خوار، ئەم ڤێ پروسێسا دیموکراسی ل خەلکێ کوردستانێ پیروز دکەین و داخوازا سەرکەفتنێ بو ئەندامێن پەرلەمانی وکابینەیا شەشێ یا حکومەتێ وسەروک بارزانی، سەروکێ هەلبژارتیێ هەرێما کوردستانێ دکەین، راپورتەکا تایبەت دا دەربارەی هیڤی و ئومێد و داخازیێن خو ب ڤی رەنگی دیار دکەن.

٢-٢

حەکیم بوتانی/ دهوک

ئەکرەم مایی

ئەڤین هروری

- ئەکرەم مایی/ رێکخراوا مافێت مەدەنی - دهوک:

پشتی راگەهاندنا ئەنجامێن هەلبژارتنێن روژا (٢٥ / ٧ / ٢٠٠٩) گوهرینن نەچاڤەریکری دیار بون کو پێدڤیە دەستهلات چاڤ خێشاندنەکی ل بووچونا خو یا سالێن بوری دا بکەت.

بو پێشڤەبرنا شول و کاری دەستهلاتا کوردی پێدڤیە ل قوناغێن بهێت ئەڤ خالێن خواری بهێنە بەرچاڤ کرن چونکە حەز و داخوازیێن خەلکی مەنە:

١. پێک ئینانا حکومەتەکا نیشتمانی یا ئێک گرتی، وەزارەتێن وی بدروستی ئێک گرتی بن، فەرمانێت سەروک وەزیری بو هەر سی پارێزگەهان بن و وەزیرێن خودان شیان وبسپور بهێنە دەست نیشان کرن وگەندەلیا ئیداری ومالی نەهیلن یان کێم بکەن.

٢. ژمارا وەزیرێن هەرێمی بهێنە کێم کرن چ ولاتێن مەزن لجیهانی (٤٣) وەزیر لکابینا وی نینن نەخا سمە بو هەرێمەکی کو ژمارا ئاکنجی یێن وی (٤) ملیون کەس بن.

٣. پێدڤیە سەروکی هەرێمی کوچکا خو یا تایبەت هەبیت لباژێری هەولێری ودوامی لوێری بکەت وئێک ژ سێمبولێت مەیێت نەتەوەیی بیت وسەروک بو دیتن وپێشنیارێت وەلاتیان ڤەکری بیت ئو خەلک ژ یی دلنیا بیت وەک سەروک هەرێم نە وەک سەروکی پارتییەکی.

٤. راستە پەرلمانی بەری گەلەک قانون وبریار یێت دەریخستین بەلی کانی کی بجهئینان؟ وان بریارا جهی خو گرتییە؟ ئایا شولی پەرلمانی بتنی دەرئیخستنا بریارانە.

٥. پەرلمانی نوی دڤێت بی کارابیت دڤێت پەرلمانتەر بەری هەر تشتەکی خو نوینەرێت مللەتی بیت نەیێت سیاسی دڤێت چاڤ دیر بن بو شولی وکارێن حکومەتی.

٦. دڤێت ئوپوزیسیون یا چالاک بیت وچاڤدێری بیت لسەر شولی حکومەتی نە رەخنە گربیت ولدەڤەری پەرلەمانی رەخنا هەرڤاندنی بکەت

٧. دڤێت یەکەمین کاری سەروک وحکومەت وپەرلەمان بکەت ئێک گرتنا پێشمەرگی کوردستانی بیت وئاسایش وپولیس و مالیەت بیت چنکو ئەدساسی دا سزادانا هەر دەستهەلاتەکی پێتڤیە ئەڤ دەزگاه ئێک بکەن وی وەختی مللەت دی دلینا بیت کومە دەستهلاتەکا نەتەوەیی یا هەمی دی شێت بەرەڤانیی ژی کەت وجێگەها شانازیی بەت.

٨. پێتڤیە ئەڤ حکومەت ببیتە حکومەتەکا ئاڤەدانیی بو خزمەت گوزاریی بیت ئاڤ وکەهرەب ورێک وبان وقوتابخانە بو هەمی خەلکی کوردستانی دابین بکەت.

- ئەڤین هروری ئەنجومەنێ پارێزگەها دهوک ئافرەتان:

ب دیتنا من سەرەرای وی چەندی کو کاری کابینا نوی یا حکومەتا هەرێما کوردستانی و خولا نوی یا پەرلەمانی کوردستانی دی بەردەوامیدان بیت ب کارو پروژێن نیڤەرو

یێن بەری نوکە لی د هەمان دەمدا پێدڤیە هزرا گوهرینی د گەلەک بیاڤاندا بکەن ب حوکمی هندی کو کوردستان چویە د چارچوڤەکی جیهانی دا و هەلبژارتنێن ڤی جاری د جیاواز بوون ژ هەلبژارتنێن بەری نوکە ژبەرکو ژ ئالیەکێڤە وەکو دیار دی پێکهاتا حکومەتا ڤی جاری بەرتەنگتر بیت ژ جارێن بەری نوکە و ژ ئالیەکێ دیتر ڤە حزب و لایەنێن ئوپوزوسیون یێن د پەرلەمانی دا هەین کو بەری نوکە نەبوون و

خالد دوسکی

ب هەمی شێوەیان دی چاڤدێریا کارێن حکومەتی کەن و ئەڤ خالە هەمی وی چەندی دخازن کو حکومەتا کوردستانی ب چاڤەکی ڤەکری تر بەری خوە بدەتە ڤان گورانکاریان، بی گومان ئەڤە دەمەکە حکومەتا هەرێمی پروگرام بو نەهێلانا گەندەلیی دانا‌ینە پێدڤیە کابینا نوی ب شێوەکی رونتر دویفچونا ڤی بابەتی بکەت و هەر وەسا سەروکی هەرێمی بریارا دامەزراندنا دەزگەهی پاکسازیی ل هەرێما کوردستانی یی راگەهاندی پێدڤیە حکومەت ب رژدی هزرا خوە د ڤی دەزگەهی دا بکەت و دیراسە بکەت و پێگیریی ب بنەمایێن دیموکراسیەت و مافی مروڤی و دادپەروەرییا جڤاکی و دانانا کەسی گونجای ل جهی گونجای بکەت دا کو دروشمی سەروەریا یاسایی پتر جێگیر ببیت.

- خالد دوسکی/ روژنامەڤان:

کارو ئەرکێن پەرلەمان و حکومەتا ئاینده ب ساناهی نابن بەلکی پێدڤی ب هێز و زاخ و ئیرادەکا خورت هەیە، بریار و یاسا دەرێخستن ڤێجا جێ ب جێ کرن، چاڤدێریکرنا جێ ب جێ کرنێ و شەفافیەت د هویرکاری یان دا ئیراده دڤێت و پێدڤی یە کارەکی جدی تر بو بێتە کرن، دڤێت پێداچوون ب هەیکەلی کارگێری و چەوانیا ب رێڤەبرنی دا بێتەکرن... حکومەتەکا کێم وەزیرو وەزارەت لی لێکدای و پڕی بەرنامە بێتە دانان، بەرنامە بێتە دارێتن ژبو هنگاڤتنا هیڤی و داخوازی یێن خەلکی، ژبو نەهێلانا کێم و کاسی یان، ل سەر شەنگەستەکی ساخلەم کو کەسی گونجای ل جهی گونجای بیت. خۆ دویرخستن ژ سیاسەتا رازیکرنی کو دکابینێن بەری دا دهاتە ب کارئینان و ببو ئەگەری بارەکی گرانی دارایی ل سەر ملێن حکومەتی دی کارەکی گەلەک دجهدا بیت... شەفافیەت د بودجی دا ئانکو دیارکرنا داهات و خەرجی یان ژ سیفەتێن گرنگ و بنگەهی یێن جڤاکێن نوینە... گەندەلی ڤایروسەکی کوژەکە و ژ ئاستەنگێن هەری دژوارێن پێشکەفتنێ و راگرتنا بالانسی هەر کارگێرییەکییە لەورا دارێشتنا بەرنامەکی بو ری گرتنی و بەرهنگاربوونا وی دی ئاوایی کارگێریا مە ل هەرێمی هەم ب باشی دەدەتە نیاسین و هەم ژی دی گەلەک پێنگاڤان پێش ئێخیت.

بەرجەستەکرنا ئیرادەکا مۆکۆم بو دانانا لژنەکا دەست و دەهمەن پاقژیی و هەولدان بو دەست نیشانکرنا مشەخۆران ئەرکەکی دی یی هەری گرنگی حکومەت و پەرلەمانی یە... وەکهەڤی یا جڤاکی دناڤبەرا تاکێن جڤاکی دا بی جودایی، رێزگرتن ل دەنگی جوداو نەرازی گەلەک پێدڤییە ژبەرکو ئەڤە ژ کێماسی یانە و دگەلەک واراندا بەرچاڤ و دیارە.... کارکرن بۆ: سەروەریی یا یاسایی، وەکهەڤی یا وەلاتی یان، خورت کرنا ئنتیمایا نیشتمانی، پەیداکرنا دەلیڤێن وەکهەڤێن کارکرنی، وەرارو ڤەژاندنا ژیان و ژیاری، بەرقەرارکرنا ئازادی یێن گشتی، ئازادیا رادەربرینی، دروست کرنا رایا گشتی ل سەر مەسەلێن جودا جودا، لبەرچاڤ کرنا مافێن (زارۆیان، گەنجان، پیران، ژنان)، دابین کرنا خزمەت گوزاری یێن گشتی (ئاڤ، کارەب، سوتەمەنی، خاندن، تەندروستی، رێک و هاتووچوون)، پارک و جهێن دەم بوراندنی) و هەتادوماهیی، رژدبوون ل سەر مافێن نەتەوی و سیاسی و ئابوری یێن گەلی کوردستانی، هەولدان بۆ وەرچەرخانەکا گرنگ دواری ئابوریدا.

لێرەوە دەیلێم

سیستەمی پەروەردە!!

ئازاد هەینی

ئێستا پێدەنێنە ساڵی دووەمی جێبەجێکردنی سیستەمی نوێی پڕۆگرامی خوێندن لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان، کە خۆی لە پڕۆگرامێکی جیهانییەوە دەبینێتەوە، کە لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان چەندین ساڵە پیادە کراوە، تا رادەیەکی باشیش لە رووی تیۆرییەوە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، لەگەڵ پیادەکردنی ئەم سیستەمەی خوێندن زۆر کێشەو گرفت دێتە رێگای هەڵسوڕانی پەروەردەو خوێندن، ئەوەتا ئەمساڵ تێکەڵییەک و ناتێگەیشتنێک دروستبووە، کە بووەتە جێگای نیگەرانی هەموو لایەک، بەتایبەتیش لە هەردوو بابەتی (جوگرافیاو مێژوو)ی قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی، ساڵی پار لە کۆرسی یەکەم بابەتی مێژووی دەخوێندرا، لە کۆرسی دووەمیش جوگرافیا، زۆربەی مامۆستایانی ئەو دوو بابەتە، بەهەمان شێوەی پار ئەمساڵیش هەمان بابەتەکانیان لە کۆرسی یەکەم خوێند.

کەچی تەنها هەفتەیەک پێش تاقیکردنەوەکان دەرکەوت ئەمساڵ پێچەوانەیە، واتە قوتابی هیچی لەم بابەتە نەخوێند کە داخلی تاقیکردنەوەیە، بەهەمان شێوەش هەردوو بابەتی (پەروەردەی مەدەنی و ماف) لە هەندێ قوتابخانە بەپێچەوانە خوێندراوە، بەرپرسانی پەروەردە وایان لە مامۆستایان شێواندووە، هەقە پەروەردە رێنمایی و گەشتاندنەکانیان لە سەرەتای ساڵی خوێندن بە رێکوپێکتر بگەینێتە قوتابخانە، سەرپەرشتیارەکانیش بە گوێرەی تواناکانیان قوتابخانەیان بەسەر دابەش بکرێت، نەک سەرپەرشتیار هەیە بۆ مانگێک زیاتر لە 40 قوتابخانەی بۆ دانراوە بەمەستی سەردان، کە زۆربەی هەرە زۆری قوتابخانەکانیش دوو دەوام سێ دەوامن، واتە ئەگەر بێن حیسابێک بکەن پێویستە هەر سەرپەرشتیارێک رۆژانە بەلایەنی کەم سێ تا چوار قوتابخانە دەبێ بەسەر بکاتەوەو سەرپەرشتیان بکات، کە ئەم سەردانانەش بێشک وەک پێویست مەحاڵە بکرێت، کۆرسێک بە کامل بە هەڵە دەخوێندرێت، هەر بۆیەش ئەمە حاڵی پەروەردەیە!!